بەڕێوەبەری باجی خانووبەرەی هەولێر:

# نەهێنانە ژوورەوەی مۆبایل، خەتای ئێمە نییە، بەڵکو بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لێی بەرپرسیارە

بەڕێوەبەرایەتی باجی خانووبەرەی هەولێر، یەکێکە لەو فەرمانگانەی کە ڕۆژانە پارێزەران سەردانی دەکەن، پارێزەران گلەیی ئەوە لەو بەڕێوەبەرایەتییە دەکەن، کە شێوازی وەرگرتنی باجی خانووبەرە، هەرجارە و بەشێوەیەکە، ئەمە جگەلەوەی لێ نەگەڕان بەهێنانە ژوورەوەی مۆبایل، ڕەخنەیەکی تری پارێزەرانە لەو بەڕێوەبەرایەتییە.
بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتانە، ڕاوێژ وەسا (سلیمان سلیمان)ی بەڕێوەبەری دواند:



**ڕاوێژ: گلەییتان لێدەکرێت، کە وەکو پێویست ڕێز لە پارێزەران ناگرن؟**

سلیمان سلیمان: بەپێچەوانەوە، ئەوەندەی ڕێزمان لە پارێزەر ناوە، لە هیچ کەسێکی ترمان نەنانەوە. بۆیە گەر پارێزەرێک ئەو گلەییەی هەبێت، ئەوا لێی قبووڵ نییە. بۆ مەسەلەی هێنانە ژوورەوەی مۆبایلیش لەلایەن پارێزەرەوە، لە فەرمانگەکەمان زۆر ئاساییە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی لە باڵەخانەکە، جگە لە بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئێمە، بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکانیش هەن، بۆیە ئەوان پێیان ڕاگەیاندین کە هێنانی مۆبایل لەلایەن پارێزەرانیشەوە قەدەخە دەکەن، مەگەر ئێمە فەرمانبەر دابنێین بۆ ئەو کارە، کە ئەوەشیان لە توانای ئێمەدا نییە، چونکە ئەسڵەن ئێمە کێشەی کەمی فەرمانبەرمان هەیە، چۆن دەتوانین فەرمانبەرێک تایبەت بۆ ئەو کارە دابنێین.

**ڕاوێژ: کەواتە نەهێنانە ژوورەوەی مۆبایل، لە ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکانە؟**

سلیمان سلیمان: بەڵێ، ئەوان نارازین لەسەر هێنانە ژوورەوەی مۆبایل، دەنا ئێمە هیچ لارییەکمان نییە؟

**ڕاوێژ: چۆن کاری پارێزەرەکان ڕایی دەکەن؟**

سلیمان سلیمان: ئێمە مامەڵەی ئەو پارێزەرانەی کە مامەڵەکانیان تەواوە، ئەوا زۆر بە ڕێکوپێکی ڕادەپەڕێنین، بەڵام ئەگەر پارێزەرێک بەڵگە و


rawezhgovar@yahoo.com

پێداویستییەکانی جێبەجێبوونی کارەکەی تەواو نەبێت، ئەوا با چاوەڕێی ئەوەمان لێ نەکات، کە کارەکەی بۆ ئەنجام بدەین. لەوەتەی بەڕێوەبەری ئەو فەرمانگەیەم، هیچ پارێزەرێک بە رووگرژی لە ژوورەکەم نەچۆتە دەرەوە، تەنیا یەک حاڵەت نەبێت!

**راوێژ: ئەی بۆ خەملاندنی بەهای وەرگرتنی باج لە زەوی و بیناکان چی دەڵێن؟**

سلیمان سلیمان: خەملاندنەکەمان بەپێی بڕیاری لیژنەی تایبەتە و هیچ جیاوازییەک لەنێوان هاوولاتییاندا ناکرێت لە وەرگرتنی باج، خەملاندنەکەش بەگوێرەی کۆن و نوێی بالاخانە و پێکهاتەکانییەتی، یان بەپێی ناوەڕۆکی ئەو گرێبەستەی نێوان کرێچی و خاوەن شوێنەکەیە، حاڵەتی واش هەیە، ئەوانەی (باج) یان کەوتۆتە سەر، داخوازی کەمکردنەوەی خەملاندنەکە دەکەن، بەهۆی باری خراپی ئابوورییان یان خاوەن شەهید و قوربانین، ئێمەش بەپێی بڕوا و متمانەمان پێیان، بەپێی یاسا کەمکردنەوەیان بۆ دەکەین.

**راوێژ: وا هەست دەکرێت هەماهەنگیتان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی باجی خانوبەرەی/ ٢ کەمە؟**

سلیمان سلیمان: خۆی پێشتر هەماهەنگیمان باشتر بوو، بەهۆی هەڵکەوتەی هەردوو بەڕێوەبەرایەتییەکە، بەڵام ئێستا لەیەک دوور کەوتینەتەوە، کە هەماهەنگییەکەمانی بێهێز کردووە، بەڵام وا خەریکین دووبارە ئەو پەیوەندییە دەبەستینەوە و هێڵی ئەنتەرنێتمان داناوە، بۆ مەسەلەی بەخشین (عفو).

**راوێژ: ئەو گیروگرفتانە چین کە رووبەڕووتان دەبێتەوە؟**

سلیمان سلیمان: هاوولاتییان وەکو پێویست هاوکارمان نین و ئاگایان لەو یاسایانە نییە، کە تایبەت بە یاسای باج دەردەچێت، بۆیە کە سەردانی فەرمانگەکەمان دەکەن و خەملاندنەکان دەبین و ئەو باجەی کە پێویستە لەسەریان بیدەن، کێشەی لەسەر دروست دەکەن و پێیان وایە، کە ئێمە غەدرمان لێکردوون، لەکاتێکدا ئەوان خۆیان دەبێت گلەیی لە خۆیان بکەن، کە چەندان ساڵ لەدەست دانی باجی یاسایی رایانکردووە.

**راوێژ: بەشێوەیەکی گشتی هاوکاریتان لەگەڵ پارێزەران چۆنە؟**

سلیمان سلیمان: بە پێکەنینەوە ( چ هاوکاریم لە پارێزەران نەدیوە، ئەوە نییە هەڵای مۆبایل هێنانە ژوورەوەیان دروستکردووە). وەلا بەشێوەیەکی گشتی هاوکاریمان باشە، هەرچەندە لە ئاستی رازیبوون نییە. چونکە پارێزەر هەیە خۆی نایەت، دەلال دەنێرێت، یان پارێزەر هەیە هەفتەی رۆژێک دێت، کۆمەڵەیەکی زۆر مامەڵە لەگەڵ خۆی دێنێت و کێشە دروست دەکات، یاخود پارێزەر هەیە، لە کۆتایی دەوام دێت.

**راوێژ: ئەی سەندیکای پارێزەران تا ئێستا هیچ نوێنەرێکی ناردۆتە لاتان؟**

سلیمان سلیمان: یەکجار سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای پارێزەران هاتۆتە لام، ئەویش هەر بۆ کێشەی هێنانە ژوورەوەی مۆبایل بووە.

**راوێژ: ئەی هەماهەنگیتان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە چۆنە؟**

سلیمان سلیمان: لەسەرەتا هەماهەنگیمان زۆرباش بوو لەگەڵیان، چونکە یاسایەک هاتە پێش کە هەر کەسێک چەند موڵکی بەناوە دەبێت ئەستۆی خۆی لە هەموویان پاک بکاتەوە، بۆیە رۆژانە مامەڵەیەکی زۆرمان دەنارده بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرە،بەڵام دیار بوو ئەوان تەحەمولی ئەو هەموو مامەڵەی ئێمەیان نەکرد.بۆیە هەماهەنگیمان نەما، هەرچەندە ئێستاش بۆ بەخشینی تایبەت (عفو خاص) هیچ کێشەیەکمان نییە و هەروەکچۆن بۆ مەسەلەی لەیەکچوونی ناویش هەماهەنگیمان هەیە.

**راوێژ: هەست بە کەمی فەرمانبەرانتان دەکرێت؟**

سلیمان سلیمان: خۆی چەند جار داوای ئەوەمان کردووە، کە فەرمانبەرمان بۆ رەوانە بکەن، بەتایبەتی فەرمانبەری شارەزا، بەڵام لەسەروو کارەکانما بۆ جێبەجێ ناکەن، یان فەرمانبەری وەهامان بۆ رەوانە دەکەن کە ئێمە سوود لە تواناکانیان وەرناگرین.


rawezhgovar@yahoo.com